# پیشانگای شەهیدان

ئیبرهیم میهماندوست
mehmandoost58@yahoo.com

چاوەکانتان! دڵو دەروونتان! هەمووی لەشتان!
وەچەخماخە خەن
تا لە ئاوێنەی چراکاندا شۆق داتەوە:
گڕی وڵامێك،
کە لە سەرمای چاوەڕوانیدا
مووتانی سپیو ددانتانی. . .
هەمووی وەراندوون، لەشی تەزاندوون.
ئاهەنگ ئاهەنگ
ئەوە ئاهەنگی گریانی هەژار!
کە تەپڵی ئازار
بە کوتانی پەنجەی زامەکانم وا دێتە هاوار:
ئەوە وێنەی مانگ!
مێخەك بەندی زێڕینی پێ بوو بۆ دایکان،
داخی گرانم لە سەفەری شەوو ڕۆژدا
تەپو مژ، چەنگو بەرۆکی گرت.
ئەوە وێنەی ئەستێرەیە!
دیاریی گوڵو جوانیی پێبوو بۆ کچو کوڕانی سەوز پۆش،
بەداخەوە لە هەرووژمی زوڵمەتی شەودا
کوژایەوەو بوو بە سەهۆڵێك خۆڵەمێش.
. . . ئەوەش وێنەی ئەو هەوەرە بوو!
کە دەریاچەی زرێبارو "مەجیدخان"ی لە کۆڵ نابوو
بۆ دارستانی ویشك هەڵاتووی ئەم مێژوویە،
مەخابن کە ڕەشەبای زۆردار
لـێی بەرداوەو خستیـیە ناو تۆڕی گێژاو. . .
ئاهەنگو ئاهەنگ
گریانو گریان
ئەوە پێشانگای شەهیدانە
ئەوتانێ وێنەکەیان بۆ دیوارە ساردو سڕەکان
بۆتە بەرگێکی گوڵدوزی
. . . بوونەتە کورەیەکی گەرمو گوڕ
هەر دوێنێ بوو



www.kurdistannet.org کوردستان نێت

له سەر شەپۆلەكانی رووباری خوێن مەلەوان بوون
له گرمەوهۆڕی ئاسنو تۆپو گولله رێژدا
هاو سەفەریو پارێزگاری مانگو دارستان بوون
له چڕە دووكەڵدا، چرای رێگاو
له ترسو خۆفدا
بزەی گۆرانیو هیوا بوون
ئەو كاتەی كە رەنگ،
ژەنگی دەگرتو
دەنگ بە دەوری مەنگ، پێچی ئەخوارد
ئەو كاتەی كە هاوار،
دەستی گریانی ئەگوشیو
پێكەنین دەس له ملانی قەنارەو پەت ئەبوو
ئەوكاتەی كە ژان دەزاو
زامی لێ دەبوو
ئاهەنگو ئاهەنگ
ئازارو ئازار
ئەوكاتەی كە فرمێسك دەباریو ئازار دەڕوا
ئەوكاتەی كە پێستی خۆمان
له سیخوڕیی خۆمان شەق دەبوو،
كێوو پێدەشت بە ئاسمان سوێندێ دەخۆن
كە ئەوان سەرگەرمی دەستەمۆ كردنیمردنو
خەریكی رازاندنەوەی بووكی ژیان بوون
سەرچۆپییان بە چەك دەگرت
دەیان هەویست بووكی ژیان
بە سواری مردن، بەرنە بەر چرای حیجلە
دەیان هەویست
ئێوە بە ئارامی بخەونو
دەستی دزێوی شەو یارەكان
له خەونی باخو بارانو بەهار نەتان پەڕێنن
دەیان هەویست
باران بۆ بیابان بێو
سەوزایی بۆ دارستان
هەڵفڕین بۆ باڵندان بێو
سەربەستی بۆ ئینسان



www.kurdistannet.org كوردستان نێت

ئاهەنگو ئاهەنگ

گریانو گریان

ئازارو ئازار

وەرن با وەکو خوێن

سوور بین لە هاواری سەربەستی

وەکو گیا

سەوز بین لە پێکەنینی سروشت

وەکو زەریا

شین بین لە شەپۆلو هاژە

وەکو ئەوین

سپی بین لە خۆشەویستیی بزەو ماچ

وەکو شەهیدان با نەسرەوین

کە پڕن لە خوێن،

پڕن لە گیا،

پڕن لە زەریاو،

پڕن لە ئەوین

کۆیە

**خاکەلێوەی ١٣٧٩ی هەتاوی**

کوردستان نێت www.kurdistannet.org